
# ناوەندی (گاڤ) دوازدە ساڵ داهێنان و خزمەتکردنی هونەری کوردی



ئەم فیلمە لە سیناریۆ و دەرهێنانی (لوقمان غەریب) و تیایدا هەریەك لە هونەرمەندان (نیاز شەریف، شۆڕش قادر، مەریوان ئیبراهیم، عەلی کەریم، ئەڤین عوسمان، بەهادین هەلەبجەیی، کەمال چالاك، سازگار فوئاد، شادیە جەزا، شایی عوسمان، عەبدول حەمەجوان، زاهیر عەلی، حەسەن دڵسۆز، تەها داراغایی، شەمال کەریم، مزەفەر هەولێری، عەبدولعەزیز مەجید، زرنگ مەریوان، ئارام غەمبار، ئەکرەم حەمەگوڵە، بژار تەها خەلیل، سەلاح حاجی عەلی ) و چەند ئەکتەرێکی تر رۆڵ دەگێڕن .

فیلمی کۆمیدی (بازاڕی کۆنەفرۆشان) بە کامێرای (ژینۆ عومەر) وێنەگیراوە و تۆماری دەنگ (نەبەز حەمەشکور)، مۆنتاژ و مێکساژ (دیار خەسرەو)، بەڕیوەبەری بەرهەم (کەمال چالاك) سەرجەم بینراوەکانی لە ناوشاری سلێمانی و دەوروبەری تۆمارکراوە .

تایتڵی فیلمەکە هۆنراوەی شاعیری ناسراو (ئەحمەد محەمەد)، میلۆدی هونەرمەند (هەڵکەوت زاهیر) و وتنی هونەرمەند (لۆکە) و پۆستەر و دیزاین و فۆتۆ (نڤار لوقمان)

ڕووداوەکانی ئەم فیلمە درامیيە نوێیە کە ماوەی دووساڵە کاری تیدا دەکرێت بە دوو هێڵی هاوتەریبی (کومیدی ـ تراژیدی ) بەرجەستە دەبێت .

دەرهێنەر وەك شێوازێکی نوێ لە ناو کارە درامیيەکانی خۆییدا، هەوڵیداوە لە بۆتەی فیلمەکەدا هەردوو ڕەگەزی (خوشی ـ ناخوشی ) ئاوێتە بکات و بەهەردوو ئاراستەکەدا ڕووداوەکان بەرەو هەڵکشان و سەرنج ڕاکێشان ببات . زەمەنی ڕووداوەکانی فیلمەکە ئیستایە و ئاریشە و کێشمەکێش و ململانییە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم رۆژگارەیە و ئاوێتەکراوە بە ڕابردوویەکی نەخوازراو کە ڕەگ و ڕیشەیەکی نالەباری لەناو گەوهەری بیرۆکەی سەرەکی فیلمەکەدا هەیە . دیارە لە فیلمی

**فیلمی بازاڕی کۆنەفرۆشان کە ناوەندی (گاڤ) بۆ بەرهەمهێنانی کاری تەلەفزیۆنیی و سینەمایی کوردی بەرهەمی هێناوە، بڕیارە لە ماوەیەکی نزیکدا وەک نوێترین بەرهەمی فیلمی درامی لە سەر شاشەی (کوردستان تیڤی) پێشکەش بکرێت ..**



درامیدا چیرۆک و
رووداو و دیالۆگ و کەسایەتی
چوار پایەی سەرەکی و پێکهێنەری رەگەزە درامییەکان و پێکهاتەکانی ترن. بۆیە لیرە لەبازاڕی کۆنەفرۆشاندا کار لەسەر ئەو فۆرم و تێگەیشتنە کراوە و ڕەنگ و ڕواڵەتێکی تەواو درامی دراوە بە فیلمەکە و لە چرکەساتی یەکەمەوە تا کۆتایی سەرنجی بینەر ڕادەکێشێت .

بازاڕی کۆنەفرۆشان فیلمێکی درێژە و ماوەکەی ٧٥ خولەکە و لەو جۆرە فیلمانەیە کە بە بودجەیەکی کەم لەسەردەمی دژواری قەیرانی سەختی دارایی بەرهەمهێنراوە، بەڵام لە ئاستێکی باشی تەکنیکیدایە و هەموو رەگەز و پێکهاتەکانی فیلمسازیی زۆر بەباشی تیادا بەرجەستەکراوە ..

جیی ئاماژە پێدانە ناوەندی (گاڤ) لە ساڵی ٢٠١٥ وە و لە ماوەی چوار ساڵی قەیرانی داراییدا، توانیوویەتی بە پشت بەستن بە توانا و ئەزموونی رابردووی خۆی لە بواری بەرهەمهێنانی فیلم و دراما و بەرهەمی هونەرییدا ٣ فیلمی درێژی درامی بەرهەم بهێنێت . ساڵی رابردوو هەردوو فیلمەکەی تریبیان بە ناوەکانی (دانیشتوانی عەلیاوا بە ٣ سێ بەش) و (گوڵچین و خەیاڵەکانی رۆستەم بە چوار بەش) لە هەردوو جەژنی رەمەزان و قوربانی پیرۆزدا لە کوردستان تیڤی پەخش کرد . ئەمەش لە زۆربەی میدیاکاندا کوردستان و عیراق بە ئەرێنی دەنگی دایەوە و تەنانەت رۆژنامەی دیاری (الدستور) بە مانشێتی گەورە باسی کردووە کە لە ساڵی ٢٠١٨ دا و لە نیوان حەوت فیلمی درێژی عیراقیدا ٣یانیان لە هەرێمی کوردستان بەرهەمهێنراوە.

ناوەندی (گاڤ) لەماوەی دوانزە ساڵی تەمەنیدا خاوەنی چەندین بەرهەمە و لە زۆربەی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانی کوردستاندا کار و بەخششی پێشکەشکردووە، لەوانە:(هەرێم تیڤی، سەتەلایتی نەورۆز،کوردستان تیڤی، زاگرۆس تیڤی، کەناڵ چوار، کۆرەك تیڤی، کەناڵی سلێمانی، کەرکوك تیڤی، گەلی کوردستان) و چەند کەناڵێکی تری لۆکاڵی . گاڤ تەنیا ناوەندە کە بەردەوام کار بۆ بوژاندنەوەی فیلمسازی و درامای کوردی و خۆماڵی دەکات و لەم بوارەدا زنجیرە دراماکانی (نامەکانی ئەشەرەف، رێحانە، لە گوڵێك کالتر، دوا بڕیاری یاقوب) و چەندین بەرهەمی تری پیشکەش کردووە .

ئیستاش دوای تەواو بوونی فیلمی (بازاری کۆنەفرۆشان) و پەخشکردنی لە کوردستان تیڤی، دەست دەکات بە ئامادەکاری بۆ نوێترین پرۆژەی خۆی کەبەرهەمهێنانی زنجیرە درامایەکی درێژی تەلەفزیۆنیی ٣٠ ئەڵقەیی کە بڕیارە بۆ مانگی رەمەزانی داهاتوو تەواو ئامادەی پەخش بکرێت ..



## سکارلیت:

# نامەوێ نموونەی جوانی بم

سکارلێت جۆهانسۆنی ئەستێرەی سینەمایی لە دیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند کە زیاد لە پێویست گرنگی بە جوانیی خۆی نادات بۆ ئەوەی جەماوەر زیاتر بە جوانییەکەی بیناسنەوە، بەڵکو زیاتر دەیەوێ لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێت و دەیەوێ ئەو تایبەتمەندییانەی نەمێنێت کە هەمیشە جەماوەر بە نموونەی جوانی بزانن.

جۆهانسۆن ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەو لە هزری جەماوەردا هەمیشە وەك نموونەی جوانی و مێینە و سێکسی سەیری دەکەن، ئەمەش وایکردووە کە زۆر جار نەتوانێت وەك پێویست رۆڵەکانی خۆی لە سینەما ئەدا بکات، بۆیە لە دڵەوە حەزدەکات ئەو تایبەتمەندییانەی نەمێنێت بۆ ئەوەی جەماوەر وەك ئەکتەرێکی ئاسایی سەیری بکەن، نەك تەنیا بیر لە لایەنی جوانی و سەرنجراکێشی بکەنەوە.

لەم بارەیەوە سکارلێت زیاتر دەڵێ: پێمایە بە تێپەڕ بوونی کات سروشتی ئەو کەسایەتییانە دەگۆڕم کە لە کارەکاندا دەیاننوێنم، من دڵنیام کە زۆر لەو رۆڵانەی ئێستا بە من دەسپێردرێن لە بنەڕەتدا ورووژێنەر نین، بەڵام شێوەی نواندنی من بەو لەشە جوان و پڕەوە وا لە جەماوەر دەکات کە هەموو رۆڵەکانم بە وروژێنەر وەسف بکەن و بەکەسێکی سەرنجراکێش بمناسن، هەروەها وەتی: من خۆم بە ئافرەتێکی سەرنجراکێش دانانێم و نازانم بۆچی هەندێك کەس بەردەوام ئەو نازناوەم پێ دەبەخشن درك بەو راستیە ناکات تەنیا کاتێك هەندێك کەس راشکاوانە ئەمەی پێ دەڵێن یان کاتێك ناوی خۆی لە لیستی ئافرەتە سەرنجراکێشەکاندا دەبینێت کە هەندێك لە گۆڤارەکان ئەنجامی دەدەن.



# نیکۆڵ کیدمان و تومکروز ڕێزی یەکتریان نەدەگرت

خانمە ئەستێرەی سینەمایی ئوسترالی لە دیمانەیەکدا رایگەیاند کە ئێستا لەگەڵ کیس ئۆربانی هاوسەری ژیانێکی ئارام و بە خۆشگوزەرانی بەسەر دەبەن، کە پێشتر ئەم جۆرە ژیانەی لەگەڵ توم کروزی هاوسەری نەبینیبوو، سەرەڕای ئەوەی ماوەیەکی زۆریش بە یەکەوە ژیان بەر لەوەی جیا ببنەوە.

نیکۆڵ کیدمان لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری فانیتی فیری ئاشکرای کرد، کاتێك لەگەڵ توم کروز بە یەکەوە بوون ڕێزگرتن لە نێوانیاندا نەبوو، لە بەرامبەردا هەمیشە پشتگوێ دەخرا و گوێ بە داخوازییەکانی نەدەدرا، هەروەها هێرشێکی توندی کردە سەر توم کروز و وتی: کاتێك شووم بە کروز کرد، تەمەنم تەنیا ٢٣ ساڵ بوو، ئەمەش تەمەنێکی زوو بوو، چونکە ئەوەی من دەمویست بەدیم نەکرد لەلای کروز.

کیدمان ئەوەشی روون کردەوە، ئەو خۆشەویستییە گەورەیەی چاوەڕێی دەکرد بە هیچ شێوەیەك بەدی نەکرد، تا ئەو کاتەی جیا بۆوە و ژیانی هاوسەری سەر لەنوێ لەگەڵ کیس ئۆربانی گۆرانیبێژی لادێی پێکهێنا و ئێستا لە ناشڤیل لەگەڵ دوو منداڵەکەیان بە یەکەوە ژیانێکی خۆشی دوور لە گرفت بەسەر دەبەن. کیدمان ژیانی خۆی بە ژیانی هەریەکە لە براد پیت و ئەنجلینا جۆلی شوبهاند کە ئێستا نموونەی دوو هونەرمەند و هاوسەری سەرکەوتوون.



# مایا نایەوێ نازناو بۆ خۆی دابنێت

مایا دیابی کچە هونەرمەندی لوبنانی رایگەیاند کە بە هیچ شێوەیەك نازناو بۆ خۆی دانانێت، چونکە پێیوایە خودی ناوەکەی نازناوێکە و مەسەلەی نازناویش وەك نەریتێك لای هونەرمەندان ماوەتەوە لە هەموو جیهان.

مایا ئەوەشی ئاشکرا کرد کە میدیاکان ڕۆڵیان هەیە لە بەخشینی نازناو بە هونەرمەندان بەتایبەتی ئەو نازناوانەی کە جەماوەر پێیان خۆشە کاتێك هەست دەکەن کە ئەو کەسە شایەنی ئەو نازناوەیە، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر کەسەکە شایەنی نازناوەکە نەبێت، ئەوا میدیاکان خۆیان گاڵتەی پێدەکەن و لەم بارەیەوە دەڵێ: راگەیاندنەکان هۆکارێکی سەرەکین بۆ سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی هونەرمەند، بەڵام هونەرمەندی سەرکەوتوو راگەیاندن ناچار دەکات، ڕێزی بگرن، بۆیە پێویستە هونەرمەندان کارێك بکەن کە میدیاکان ناچار بکەن ڕێزیان لێ بگرن و نازناوە شیاوەکانیان پێ ببەخشن.

دەربارەی ئەوەی کە ئایا ڕێگا بە کچەکەی دەدات لە پاشەڕۆژدا کاری هونەری بکات، ئامادە نەبوو بە هیچ شێوەیەك وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، ئەگەرچی تووشی گرفتی زۆر هاتۆتەوە لە ڕێگای هونەرەوە.



# پیشانگای خان



ڕۆژانی ١٩ و ٢٠١٨/١٢/٢٠ لە شاری کفری، یەکەمین فیستیڤاڵی شێوەکاریی خانمانی کوردستان بەڕێوە چوو. چالاکییەکی سەرەکیی فیستیڤاڵەکە، کردنەوەی پیشانگایەکی هاوبەش بوو، کە ٧١ خانمی شێوەکار (٦٥ خانم لە باشووری کوردستان، ٦ خانمیش لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای کوردستانەوە) بەشدارییان لەو پیشانگایەدا کرد. فیستیڤاڵەکە بە ناوی خانمانی شێوەکاری کوردستانەوە بەڕێوە چوو، بەشداریی سێ پارچەی کوردستان (هەر یەکیان بە دوو خانمی شێوەکار) سیمبوڵی بوو. پاساوی ئەوەش نەبوونی توانای لۆژستییە بۆ هێنان و بەشداری پێ کردنی بەرهەمی سەرجەم خانمانی شێوەکاری هەر چوار پارچەی کوردستان.

ئەم فیستیڤاڵە هەنگاوێکی گرنگە بە ئاراستەی ناساندنی خانمانی شێوەکاری کوردستان و ئاشنا بوون بە گوتاری دیدەییانەی ئەوان لە چوارچێوەی گوتارە دیدەییەکەی تێکڕای شێوەکارانی کوردستاندا. گریمانە وایە ئەم جۆرە پیشانگایە تایبەتمەندییەکی هەبێت، کە لە هەست و دید و ڕوانینی خانمانی کوردستانەوە سەرچاوەی گرت بێت. دەبێ بشڵێین سازدانی فیستیڤاڵێکی لەو جۆرە هەنگاوێکی گرنگ و ئەرێنییە بە ئاراستەی گەشە دان بە گوتاری جوانی شێوەکاران، لەوەش گرنگتر، ئەم فیستیڤاڵە بەردەوام بێت و بینی درێژ بێت، واتە لە خولی ساڵانەی خۆی یان دوو ساڵ جارێك، بەردەوام بێت. بۆ ئەم مەبەستەش ڕەنگە (گرووپی کیژانی شێوەکاریی کفری) هاوکار بێت. ئەم گرووپە ناوەندەکەی لە شاری کفرییە، تا ئێستا ٩٢ ئەندامی لە شارەکانی باشووری کوردستاندا هەیە کە هەموو ئافرەتی شێوەکارن.

وەك هەر پیشانگایەکی هاوبەش، بینەر خۆی لە بەردەم شەبەنگێك لە بەرهەمی جۆربەجۆر لە ڕووی ستایل و تەکنیك و ئەزموونـدا دەبینێتەوە. بەشێکی بەرهەمەکان لە ئاستی سەرەتای ئەزموونـدا بوون، هەندێکیان پەنایان بۆ گواستنەوەی بەرهەمی هونەرمەندانی دیکە برد بوو. بەشێکی زۆریش لە بەشداران، ئەزموونی تا ڕادەیەك پێگەیشتوویان پێشکەش کرد.

خانمانی بەشدار بە ستایلی جیاجیا کاریان کرد بوو، بەشێکی زۆریان هەست و خولیا و خەمی مێیینەیان



ئا/ تاریق کاریزی

# ـــمانی کوردستان



لە ڕێی بەرهەمەکانەوە، خست بووە ڕوو. ڕاستە بینەر بە گشتی نەیدەتوانی لە ڕێی بەرهەمەکانەوە بە کۆهەست و کۆنەستی ناسکانەی مێ ئاشنا بێت، بەڵام ئامادە بوونی مێ وەك فیگەر لە بەشێکی زۆری بەرهەمەکاندا، نیشانەی ئەوەیە هونەرمەندانی بەشدار لە خولیایەکی جێندەرییەوە کاریان کردووە.
دەبێ بشڵێین، خانمانی شێوەکار بەدەر لە هەستی ئافرەتانە، بۆ هەستی مرۆییانەی خۆشیان کاریان کرد بوو، بینیمان تابلۆی سروشتیان کێشا بوو، بە تابلۆ و سیرامیك و پەیکەریش، لە بابەتی مێژوویی و سیمبولناسی و ستاتیکای بەدەر لە جغزی مرۆڤیش، کاریان کرد بوو. پێم وایە، کاری دروست ئەوەیە، خانمانی شێوەکار وەك دەرفەتێك لەم فیستیڤاڵە بڕوانن.
لەم بارەیەوە ئەم سەرنجانە دەخەمە ڕوو:
یەك: دەکرێ خانمانی شێوەکار وەك ئەزموون لە یەکەمین خولی ئەم فیستیڤاڵەیان ڕوانی بێت. لەمەشدا هەقیانە کە سڵیان لەوە کردووەتەوە بەرهەمی زۆر چاکی خۆیان ڕەوانە بکەن. لایەن و کەسانی بەڕێوەبەر و هەڵسووڕێنەری ئەم فیستیڤاڵەش زۆر چاکیان سەلماندیان، کە بە ڕێزەوە پێشوازی لە بەرهەمی خانمانی شێوەکار دەکەن و بە ڕێزیشەوە بەرهەمەکانیان ڕەوانە دەکەنەوە.
دوو: ڕەنگە هەندێك لە خانمانی شێوەکار مەزەندەی ئەوە نەکەن کە لە شارێکی بچووکی وەك کفری فیستیڤاڵێکی وا گرنگ ساز بکرێت. ڕۆژانی فیستیڤاڵەکە شایەد حاڵی ئەوەیە، کە ئەم شارە لە ڕووی ژێرخانی هونەری و لە ڕووی کەسانی کارگێڕ و هونەرپەروەرەوە، دەوڵەمەندە، بە چەشنێك زۆر سەرکەوتووانە دەتوانێ فیستیڤاڵی لەم چەشنە لە ئامێز بگرێت. سەرکەوتنی یەکەمین فیستیڤاڵیش لەم ڕووەوە، گەواهییەکی ڕوونە.
سێ: زۆر گرنگە خانمانی شێوەکار تایبەتمەندییەك بەم فیستیڤاڵە بدەن. باشترین دەرفەتیش ئەوەیە کە ئەو بەرهەمانەی لە پیشانگای ئەم فیستیڤاڵەدا بەشدار دەبن، لە ڕووی ناوەڕۆك و شێوە و ئەتمۆسفیرەوە، بەرهەمی تایبەت بە دنیای خانمان بن. ئەمەش دەرفەتێکی زێڕین دەبێت، کە کۆمەڵ بە گوتاری دیدەییانەی خانمان ئاشنا بێت.